# قـــــەزافـی
# هەمـــــــان قـــەزافیـــە و
# نابێـــت کـــــــــورد هەڵوێـــستە
# مەردانەکانی لە بیر بکات

**مەجید ساڵح**
Magid1968@yahoo.com

لە ساڵی 1999 بابەتێکم لە رۆژنامەی هەواڵدا نووسی بە ناوی "با دۆستەکانمان لە یاد نەکەین" وداوام کردبوو لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستاندا با قەزافی کە یەکێکە لەو سەرکردە عەرەبانەی لە ناخۆشترین و تاڵترین رۆژگارەکانی مێژووی کورد دیفاعی لە نەتەوەکەمان کردوە لە یاد نەکەین وپەیکەرێکی بۆ دروست کەین. پاش ماوەیەك لە "کوردستانی نوێ "دا دیسانەوە لە سەر هەمان بابەت ئەو نامە تایبەتەم هێناوە بیری مام جەلال کە لە پاش کارەساتی ئەنفال بۆ قەزافی نووسی بوو تێدا سوپاسی کردبوو بۆ ئەو هەڵوێستە مرۆڤانانەی کە دەرهەق بە کورد دەینوێنێ لەو ساتە وەختەدا وبەڵێنی ئەوەی پێدابوو کاتێك کوردستان رزگاری بوو "لە بەنرخترین کانزای کوردستان پەیکەرێکی بۆ دروست بکرێت". نامەکە لە یەکێك لە ژمارەکانی "الشراره"ی زمانحاڵی کۆمەڵەی رەنجدەران بلاّو کرابووەوە. ساڵ هات وساڵ چوو، ئەستێرەی بەختی کورددەرکەوت و کورد لە قڕکردن دەربازی بوو، راپەڕین هات وحکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان دامەزران و بووین بەخاوەن قەوارەیەکی سیاسی وکەچی نە کورد قەزافی لە بیر بوو نە مام جەلالیش وەعدەکەی خۆی جێبەجێکرد. بەلاّم خۆشبەختانە پاش بلاّوبوونەوەی ئەودوو وتارە شارەوانی سلێمانی لە چواڕیانی سەرچناردابە فەرمانی مام جەلال باخچەیەکیان بە ناوی "سەرۆك قەزافی"وە ناو ناو بەوەش وەفادارییەکی کوردبەرامبەر بەوانەی لە رۆژگارە رەشەکاندا پشتی گرتوون دەرکەوت.

سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە روویاندا قەزافی بەبەردەوامی پشتیوانێکی بە ئەمەکی کێشەی کورد بووەوەو تەنانەت هەندێك جاریش بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی خۆی لە بەر کورد لە گەڵ ولاّتاندا تێك داوە. وەك چۆن ئەوەی لەکاتی سەردانەکەی ئەربەکاندا لە سەر مەسەلەی کورد تێك چوون وبە ئەربەکانی ووت کورد تیرۆریست نییە و دەبێت هەر رۆژێك کوردستانێکی سەربەخۆروست ببێت و پاشان ئەربەکانی لە ولاّتەکەی دەرکرد و سەفەرەکەی بە نیوەناچڵی تەواوکردو گەڕایەوە بۆ تورکیا .. لە کاتی گرتنی سەرۆك ئۆچ ئالانیشدا قەزافی هەمان هەڵوێستی نەگۆڕی خوی نواند و لە وتارێکدا کە لە زۆربەی کەناڵەکانی دونیادا بلاّوکرایەوە رایگەیاند" تورکەکان ئەگەر بە گرتنی ئۆچ ئالان خەون بە نەمانی کێشەی کوردەوە دەبینین ئەوا بە هەمان هەڵەدا چوون کە پێشتر ئیتالیەکان بە لە سێدارەدانی عومەر موختار پێیان وابو ئیتر کێشەی سەربەخۆیی لیبیا تەواو بوو". لەوەش زیاتر لە پاش روخانی سەدام سەرۆك قەزافی وتارێکی توندی نووسی وباسی لەوە کرد سەرکردەکانی کورد جارێکی تر هەلی بوونە دەوڵەتی کوردستانیان لە دەستدا. لە ساڵی 2003شدا نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ کوردستان رەوانەکرد وپشتگیری تەواوی خۆی بۆ کورد دووپات کردوە .. ئەوانەی باسم کردن بەشێکی ئاشکرای پشتگیرییەکانی قەزافیە بۆ کورد وئەگینا یارمەتییە داراییەکانی ئەو سەرکردەیە بۆ شۆڕشی کورد و ناردنی چەك بۆ پێشمەرگە نهێنیەکانی لای سەرکردەکانماندایە .....

بەداخەوە لەدوای هەڵوێستی لیبیا بەرامبەر اعدامکردنی سەدام کە هەڵوێستێکی تایبەت بە خۆیانەو وەك کەسێکی عەرەب نواندویەتی، هەندێك کەسلە سلێمانی پەیدا بوون، قسەی بێ ماناو ناشرین بەرامبەر قەزافی دەکەن وبگرە داوای ئەوە دەکەن ئەو باخچەیە کە نیشانەی وەفادارییەکی بچووکە بەرامبەر بەو پیاوە بگۆڕن؟! ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بیرکردنەوەیەکی سفلاّنەیە بەرامبەر کەسێك زۆرجار لە سەرکردەکانی خۆمان دڵسۆزتر بوون بۆ کێشەکەمان . ئەوانە تەنانەت دەیانەوێت قەزافی لە هەڵوێستەکانی تری داماڵن و ئەمان چۆنیان بۆێت وا هەڵوێست وەرگرێت. لە راستیدا قەزاڤی هەر هەمان قەزافیە وهەڵوێستی بەرامبەر بە کورد هەمان هەڵویستە نەگۆڕەکەیەتی وکێشەکەی ئێمەش تەنیا لە اعدامکردنی سەدامدا کورت ناکرێتەوە وئایندەی کێشەکەمانیش زۆری بەبەرەوە ماوە.... ئاخر ئێمە دۆستمان فرەیە وا ئێوەش بەم هەڵوێست وهەڵچونانەتان ئەویشمان لێ دور دەخەنەوە . واز بێنن با ئەو تاکە دۆستەمانیش با لە دەست نەدەین.